# بەهەندگرتنی بۆچوونەکان ئەرکێکی بەڵگەنەویستی سەرانی کوردە

گۆران قەرەداغی

وەک دەڵێن تەنیا مانگێک و چەند هەفتەیەکی دی هەڵبژاردنی گشتی لە سەراسەری ئێراقدا ئەنجام دەدرێ. دەزگای راگەیاندنی هەردوو هەرێمەکەی کوردستان وەک دەزگاکانی تری ئێراقی عەرەبی بانگاشە بۆ هاندانی خەڵکی کوردستان و بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکەدا دەکەن. کەچی هێشتا دوو پارتە گەورە و دەستەڵاتدارەکەی کوردستان، نە خۆبەخۆی خۆیان و نە پێکرا لەسەر وردەکاریی چۆنێتی هەڵبژاردنەکە، خۆیان ساخنەکردۆتەوە، یان هەر نەبێ هەڵوێست و رێنماییەکی رەسمییان بۆ خەڵکی کوردستان خویا نەکردووە.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خۆیشیان و چۆنیەتی و چەندایەتی یەکخستنەوەی ماڵ و خەباتی کورد، یان دوارۆژ و چارەنووسی کەرکوک و ناوچە هێشتا رزگارنەکراوەکان، جگە لە هەندێ  گفتاری لاوەکی و راگەیاندنی سۆزدارانەی رۆژنامەگەری، هیچ بڕیارێکی رەسمی نەدراوە. خۆ ئەگەر درابێتیش، خاوەنی مەسەلەکان کە کۆمەلانی خەڵکی کوردستانن ئاگادار نەکراون، کە لەراستیدا دەبوو نوێنەرانیان هەمیشە لەو جۆرە مەسەلە چارەنووسسازانەدا بەشدار بن و بۆچوون و تێڕوانینەکانیان بە هەند بگیرابا.

ئەمڕۆ خەڵکی کورد بە هەموو چین و توێژاڵەکانیەوە، بە خوێندەوار و نەخوێندەواریەوە، بە دانیشتووی کوردستان و هەندەرانیەوە، لەوپەڕی دڵەڕاوکێ و نیگەرانیدان. دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بۆ ئەو دۆخە ناسکەی کوردی پێدا تێدەپەڕێ، بۆ ئەو دەرفەتە بێوێنەیەی کە دەترسن لەدەست بدرێ، بۆ ئەو بەشە بێچەندوچوونە کوردستانەی کە نابێ دووچاری غەرغەرەی هەڵبژاردن بکرێ، بۆ ئەو کاتە کورتەی کە رەنگە بەفیڕۆ بدرێ، بۆ سیازدە ساڵ ئازادی کە دەکرێ بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنی گشتی گەمارۆ بدرێ. دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بۆ دامەزراندنەوەی هەمان ئێراقی کۆن، بەڵام بە رەزامەندی حیزبەکانمان و بەناونیشانێکی نوێوە.

ئەو دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە بە دیالۆگ و نووسینی گەلێک لە رۆشنبیران و نووسەرانی میللەتەکەمانەوە دیارە. زۆرن ئەوانەی لە هاوار و بانگەوازەکانیاندا مەترسیی بەشداربوونی کورد لە هەڵبژاردنی سەراسەریی ئیراقدا، بێ ساخکردنەوەی کەرکوک و ناوچە تەماعتێکراوەکان، دەدەن بە گوێی سەرانی کورددا، زۆرن ئەو کوردانەی لە هەندەرانەوە بە نامە و نووسین و یاداشتنامە و ئیمزاوە، حیزبە کوردییەکان ئاگاداردەکەنەوە، کە بە بێ داننان بە کوردستانێتی ناوچە داگیرکراوەکان و گێڕانەوەیان بۆ ئامێزی کوردستان، بەشداری لە هەڵبژاردنی گشتیدا ناکەن.

لەکاتێکدا پارتە دەستەڵاتدارەکانی هەردوو هەرێمەکەی کوردستان بەردەوام باس لە بونیاتنانی کۆمەڵی مەدەنی و فرەلایەنی و ئازادی بیروڕا دەکەن، دەبوو لایەنی کەم حیسابێکی جیددی بۆ کۆمەلانی خەڵک و بیروڕاکانیان بکەن، دەبوو ئەمڕۆ لە بەردەم بارودۆخی ناڕوونی هەڵبژاردنی گشتی و چۆنێتی رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوانیان، لە سەراسەری کوردستاندا کۆڕ و سیمیناریان بگرتبایە و بیروڕای سیاسەتمەداران و رۆشنبیرانی دەرەوەی رێکخستنەکانی خۆیان بە هەند وەربگرتبا. ئاخر حیزبەکان بە بێ بنکەیەکی جەماوەریی فراوان ناکرێ سەرکەوتنێکی ئەوتۆ، نە بۆ خودی خۆیان و نە بۆ میللەتی کورد بەدەستبێنن. ئەگەر ئەوان هەڵوێستی کەمتەرخەمییان سەبارەت بە میللەت و توێژاڵە هۆشیار و ڕووناکبیرەکان نەگۆڕن، راستگۆیانە دیالۆگێکی بێ پێچوپەنا، دەربارەی ستراتیژی نەتەوەیی ئەم قۆناغە نەخەنەگەڕ، بەرپرسێتی پەرشوبڵاوی و بەدەنگەوەنەهاتنی کۆمەلانی کورد دەکەوێتە ئەستۆیان، کە باجەکەی لەسەر خواستە رەواکانی کورد گران دەکەوێ.

لە کۆمەڵە دیموکرات و شارستانییەکاندا، کە ئەمان گوایە چاویان لێدەکەن، بیروڕای تەنانەت منداڵێکیش بە هەند وەردەگیرێ و بە پیرییەوە دەچن. لە ماوەی سیازدە ساڵی رابردوودا، دەیان نامە و بانگەواز و یاداشتنامە، لە لایەن رووناکبیران و کەسایەتییە سەربەخۆکانەوە، لە قەیرانەکاندا ئاراستەی سەرانی کورد کراون، کەچی سەد ئەفسووس حیسابێکی ئەوتۆیان بۆ نەکراوە.

لە سەرەتای ساڵی 2003 دا، پێنج رووناکبیری کورد لە سوێد نامەیەکیان لەمەڕ هەڵوێستە شۆڤێنیستەکانی تورکیا، نارد بۆ سەرەکوەزیرانی سوێد، داوایان کردبوو کە حکومەتی سوێد فشاری دیپلۆماسی بخاتە سەر تورکیا و هاتنە نێو یەکێتی ئەوروپایان لێ سەخت بکات. پاش چەند رۆژێک سەرەکوەزیر وەڵامێکی پڕ بایەخ و رێزی کوردەکانی دایەوە و هەندێ بەڵێنبشی پێدابوون.